www.kurdistannet.org
10-10-2006 21:45بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# خوایە ئەمساڵ باران نەبارێت ... ئیبراهیم هەورامانی



کەم جار بووە ئینسان گوی ی لە نزاو پاڕانەوەی لەم شێوە بووبێت. زۆرجاریش ئەم جۆرە نزا و پاڕانەوانە لە لایەن زۆرینەیکێشەی لەسەر دروست کراوە. بۆ خۆم کەم دوعا دەکەم، چ دوعای خێر، چ دوعای شەڕبێت... کورد واتەنی (ئەگەر بە دوعا ببێت، پشقل بە خورما دەبێت) بەلام من هەر سوورم لەسەر ئەوەی لە خوای گەورە بپاڕێمەوە و بە ئاشکرا و بەدەنگی بەرز دەڵێم خودایە تو گەورەیی خۆت و خۆشەویستی پێغەمبەر و ئەولیا کانت ئەمساڵ لە هەڵەبجە یەك دڵۆپ باران لە عەرز نەدات. دەزانم ئیوەشم لی دەڕەنجی، ڕەنگە بەدوژمنی جوتیاران (خۆ شوکر لە ناوچەی ئێمەدا جوتیاریش نەماوە) و خەڵکی هەڵەبجەم ناوزەد دەکەن. بەلام بڕواتان بێت هەر من لەسەر هەقم. خۆ ئەگەر خوای تەبارەك و تەعالا ئەم دوعایەم لی قبوڵ کات ئەوە ئەم زستانە لەگەڵ خەڵکی هەلەبجەدا هەمومان بە کامڵی ئیسراحەت و مورتاحیەت ژیان دەگوزەرێنین بی ئەوەی جوتە جزمەیەك بۆ منداڵەکانمان بکڕین وکێشەکانیشمان لەگەڵ شۆفێرەکان دا لەسەر پیسکردن چارەسەر دەکرێت. بەهەرحاڵ هەر کەسێك دژ بەم نزاو پاڕانەوەی منە. با لەسەر مەسروفی بەندە بانگهێشتی ئەم شارەی بکەم و تا بزانێت لە جی ی من و منەکانی هەلەبجە بێت چۆن پشتیوانی لە نزاکەم دەکات. گەلی برادەرینە.. من ناهەقم نییە نزایەکی لەم جۆرە بکەم ئەوەتا بۆ پڕۆژەیەکی ئاوەدانی تەواوی شۆستە و جادەی شارەکەیان هەڵکەندوەو وا مانگی 10 تێدەپەڕێنین پرۆژەکە لە سەرەتایی کارەکەدایە راستە تا ئیستا زستان نەهاتووە بەلام بە هۆی خراپ کردنی شەقامەکان ژمارەیەکی زۆر گۆماو دروست بوە و گرفتی هاتوچۆی بۆ هاوولاتیان و شۆفێرەکان دروستکردووە. تا ئەو رادەیەی سیمای شارەکەی کردۆتە گوندێکی گەورە. بڕواتان بێت ئەم زستانە گەر خودا بەو گەورەیەی خۆی رەحممان پێنەکات درۆ ناکەم کە دەڵێم لە تاو قوڕ ولیتەی شەقامەکان شار چۆڵ نەبێت. جا ئەگەر شارێك دەردی بەم شیوەیە بێت ناهمە دوعا نەکەم و بڵێم خودایە ئەم زستانە یەك دڵۆپ لە عەرزی نەدات تا پرۆژەکە تەواو دەبێت.